# یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: (١٦)**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٨/٩/٢٦**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧دا پێمان دراوە ولەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٨/٩/٢٤ی دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری
## هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی دوو لەمادده شەش هەموار دەکرێ وبەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(وەزیر لەکاتی پێویستدا بۆی هەیە لەنۆژەن بەڕێوەبەرایەتی و بەش و لقەکان پێکبهێنێ و لەغوبان کاو پەیوەندیان لێکتری بترازێنێ).

**ماددەی دووەم:**

وەزیرە تایبەتمەندەکان لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی پەخش کردنیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**(هۆکاری پێویست)**

**لەکاتی پیادەکردنی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری دەرکەوتووە کە هەندێ لەبەڕێوەبەرایەتی و لق و بەشەکانی وەزارەت پێویستیان بەتێکەڵ کردنی چالاکییەکانیان هەیە، یان لێک ترازانی پەیوەندی یان هێنانەکایەی لق و بەشەکانی تازە، بۆ ئەوەی وەزارەت رێک خستنی کارو بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی باشتر بۆ برەخسێ، ئەم پڕۆژەیە رێکخرا.**